بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بە ناوی گەلەوە
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٧
ڕۆژی بڕیار: ٢٠٠١/٦/٥

وێنەیەکی تەرجەمەکراوی دەقە عەرەبییەکەیە

**«بڕیار»**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده(٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە کۆبوونەوەی ژمارە(١٢)ی ڕۆژی(٢٠٠١/٦/٥)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**ماددەی یەکەم:** موعامەلەکانی سەلەنوێ تۆمارکردنەوە، بەناوی ئەشخاصی طبیعییەوە کە دەربارەی زەوی وزاری کشتوکاڵ لە دەرەوەی سنووری شارەوانییەکاندا لەچوارچێوەی ئەرک وفرمانی ملاحظیەتی تۆماری عیقاری زاخۆ پیادە دەکرێ، پووچ دەکرێنەوە، چونکە حوکمەکانی سەرلەنوێ تۆمارکردنەوە کە لە یاسای ژمارە(٤٣)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٧١)دا هاتووە نایانگرێتەوەو کەوتوونەتە ژێرکاری حوکمەکانی یاساکانی چاکسازیی کشتوکاڵەوە کە لە هەرێمدا بەرکارن.

**ماددەی دووەم:** موعامەلەکانی سەلەنوێ تۆمارکردنەوە کە دەربارەی عیقارو زەویی نشینەیی لەناو سنووری شارەوانیەکاندا، لە چوارچێوەی ئەرک وفرمانی(ملاحظیەتی)تۆماری عیقاریی قەزای زاخۆدا پیادە دەکرێ ئەوانەیان نەبێ کە تەمییز تەصدیقی کردووە، دەنا هەموویان پووچ دەکرێنەوە، چونکە بەپێی دەقەکانی یاسای ژمارە(٤٣)ی هەموارکراوی سەلەنوێ تۆمارکردنەوەی ساڵی(١٩٧١)شەرت وشرووتیان بەجێ نەهێناوە.

**ماددەی سێیەم:** موعامەلەکانی سەلەنوێ تۆمارکردنەوە کە دەربارەی زەوی وزاری کشتوکاڵ لەناو سنووری شارەوانیەکاندا لە چوارچێوەی ئەرک وفرمانی(ملاحظیەتی) تۆماری عیقاریی قەزای زاخۆدا پیادە دەکرێ پووچ دەکرێنەوە، چونکە بەپێی دەقەکانی یاسای ژمارە(٤٣)ی هەموارکراوی تۆماری عیقاریی ساڵی(١٩٧١)شەرت وشرووتیان بەجێ نەهێناوە.

**ماددەی چوارەم:** ناولێنان لەو عیقارەی کە لە(مەتنی ماددەی/٤٣ موکەڕەر، ق٥١/٣ موکەڕەرو ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە(٤٣)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٧١)ی تۆماری عیقاریدا هاتووە، تەنها ئەو موڵکە صرفانە دەگرێتەوە کە کەتوونەتە ناو سنووری شارەوانییەکانەوە.

**ماددەی پێنجەم:** أ- لیژنەیەک لە نوێنەرانی وەزارەتەکانی کشتوکاڵ وئاودێری، شارەوانی وگەشت وگوزار، ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی، دارایی وئابووری وداد، بەسەرۆکایەتی دادوەرێک پێک دەهێنرێ. ئەم لیژنەیە موعامەلەکانی سەلەنوێ تۆمارکردنەوە تەدقیق وتەسدیق دەکات بەرلەوەی لە دایەرەی تۆماری عیقاریدا تۆمار بکرێن، بڕیارەکانیشی لەماوەی(٣٠)سی ڕۆژدا کە لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیارەکەوە دەست پێ دەکات ئەوەی لە باردا هەیە کە تانەی تەمییزی لێ بدرێ.

ب- ئەو لیژنەیە کە بەپێی بڕگە(أ)ی ئەم ماددەیە پێک دەهێنرێ تەنها سەیری ئەو موعامەلانە دەکات کە لەماددەی دووەم و سێیەمی ئەم بڕیارەدا هاتووە.

**ماددەی شەشەم:** موعامەلەکانی سەلەنوێ تۆمارکردنەوە کە بەپێی دەقەکانی ئەم بڕیارە تەسدیق کرابن وشەرت وشرووتی یاساییان بەجێ هێنابێ لە ڕەسمی تازەی تۆمارکردنەوەی عیقاری عەفو دەکرێن.

**ماددەی حەوتەم:** هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی هەشتەم:** پێویستە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەم بڕیارە بخەنە بەرکار.

**ماددەی نۆیەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

د. ڕۆژ نوری شاوەیس
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق